ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

39
10ی تەمووز/ جولای 2022

**دەسەڵاتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستانی نەماوە. کاتی هاتنەمەیدانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتداریتی خۆیان!**



## قەیرانی پێکهاتنی حکومەتی عێراق!

موحسین کەریم

ماوەی زیاتر لە ٨ مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق تەواوبووە، بەڵام تائێستا حکومەتی نوێ پێکنەهاتوە. بڕیاربوو هەڵبژاردن کێشەی قەیرانی حکومەتی چارەسەربکات، بەڵام ئەوەندەی دیکە قەیرانەکەی قوڵکردەوەو لە بنبەستێکی کوشندەدا ڕایگرتووە. ئەو هێزو لایەنانەی کە بەشداری هەڵبژاردنیان کردو بڕیاربوو حکومەتی نوێ پێک بهێنن لەناو زەلکاوی ململانێکانی خۆیاندا گیریان خواردوە کە سەرەنجام بەکشانەوەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمان و لەوەی پێیدەوترێ پرۆسەی سیاسی کۆتایی هات! ئەم هەنگاوەی ڕەوتی سەدریش نیشانەی قوڵبوونەوەی هەرچی زیاتری قەیرانی سیاسی و حکومەتیە لە عێراقدا.

لەو ڕۆژەوە کە بەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن ئەمریکاوە ڕادەستی ئەم حزب و هێزە میلیشیا جۆراوجۆرانە کرا، پرسی حکومەت و دەسەڵات بەپێی بنەمای بەشبەشێنەی نەتەوەیی- تائیفی یەکلایی کراوەتەوە. یاریزانی سەرەکی لەونێوەدا ڕژێمی ئیسلامی ئێران بوو، لەبەرئەوەی زۆربەی هێز و میلیشیا شێعەکانی عێراق لە دامێنی ئەو ڕژێمەدا لەدایک بووبوون. ئەمریکاش کە بێجگە لە حزبە چەکدارەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، هێزێکی کاریگەری دیکەی لەگەڵ نەبوو، ناچاربوو ئەو دۆخە قبوڵ بکات. بەڵام ئەم هەلومەرجە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. دەسەڵاتی میلیشیا شێعەکان و تاڵان و بڕۆیەک کە ئەنجامیان داوە لەو ماوەیەدا،

بۆ لاپەڕە ٢



## ڕێکەوتنی سوید و فنلەند لەگەڵ تورکیا.... پێشهاتێکی مەترسیدار

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەڕە ٣



## تاوانی ١٤ تەمووز!

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە ٤



## جیهانی ئەوان و خەونەکانی ئێمە! به بەهانەی قسەکانی بارزانی کوڕ

ئیبراهیم حسین

بۆ لاپەڕە ٦


- ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی کۆنفرانسی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ..................................لاپەڕە ٨
- ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلینۆمی ٢٥ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان.... لاپەڕە ٩


**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.... قەیرانی پێکهاتنی حکومەتی عێراق!

لەپاڵ بێمافی و هەژاری و بێخزمەتگوزاری و نەمانی ئاسایش سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێگەی جەماوەری ئەو هێزانەی لەناو خودی ئەو جەماوەرە زەحمەتکێشەدا لەقکرد کە لەسەر ئیسلامی شیعە هەژماردەکرێن! خرۆشانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ وەرچەرخانێکی گەورە بوو بەم ئاراستەیەدا.

ڕەوتی سەدر، کە سەرەتا لەڕێگای دژایەتی ئەمریکاوە و بەپشتیوانی ئێران، توانی نفوزێکی بەرچاو لەناو خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و تورە لە داگیرکاری ئەمریکا پەیدابکات، لەپاڵ ئەوەی کە قاچێکی خستەناو دەسەڵاتەوەو لەناو پەرلەمان و حکومەتدا پێگەیەکی بۆخۆی دەستەبەرکرد، هاوکات بەناوی دژایەتی گەندەڵی و ئەو بێمافیانەی کە دەسەڵات بەسەر خەڵکدا سەپاندبووی، وەکو هێزێکی پۆپۆلیست، قاچێکی لەناو نارەزایەتی خەڵکیشدا هێشتبووەوە. ڕەوتی سەدر لەپرۆسەیەکدا بەرەبەرە لە ئێران دوور دەکەوتەوەو دەیویست خۆی وەکو نوێنەری ئەو مەیلە نیشان بدات کە لەناو خەڵکی عێراقدا دژ بە دەستێوەردانی ئێران و نۆکەری هێزە میلیشیاکانی دیکە بۆ ئێران پەرەی سەندبوو، وە لە خرۆشانەکانی ٢٠١٩دا بە ئاشکرا دروشمی "ئێران بۆدەرەوە" یەکێک بوو لە دروشمە سەرەکیەکانی خۆپیشاندەران. ئەم دوورکەوتنەوەی ڕەوتی سەدر لە ئێران و دوبارە گەشانەوەی مەیلی ناسیۆنالیستی عەرەبی- دژی ئێرانی، لەلایەن ئەمریکاو وولاتانی عەرەبی دژی بەرەی ئێران وەکو سعودیەوە پشتیوانی جدی لێدەکرێ. ئومێدێکیشی داوە بە ئەمریکا کە لەو ڕێگایەوە کۆتایی بە نفوزی ئێران لە عێراق و دەوری یەکلاکەرەوەی لەمەشهەدی سیاسی عێراق و پرسی دەسەڵاتدا، بهێنێ. هاوپەیمانی پارتی- سونە- ڕەوتی سەدر، بڕیارە ئەم ستراتیژەی ئەمریکا بەئاکام بگەیەنێ.

٨ مانگی ڕابردوو، دەورەیەکی پڕ لە کێشمەکێش و ململانێی نێوان ئەو دوو تەوەرەیە بووە. هیچکام لەو دوو بەرەیە، ئەمریکاو هاوپەیمانە ناوچەییەکانی لەلایەک و ئێران لەلایەکی دیکەوە، نەیانتوانیوە بەدیلی خۆیان بسەپێنن. بەوجۆرە پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق لەونێوەدا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە.

کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان و جێگرتنەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگی هێزە شیعیەکانی سەر بە ئێرانەوەو پیداگرتنیان لەسەر پێکهێنانی حکومەت بەبێ ڕەوتی سەدر، نیشانەی لاسەنگبوونی هاوکێشەکەیە لەئێستادا بە قازانجی بەرەی سەر بەئێران و متمانەبەخۆبوونی زیاتری ئێرانە بۆ ڕاگرتنی بڕیاری سیاسی عێراق و پرسی دەسەڵات لەدەستی خۆی و هێزەکانی سەر بەخۆیدا. بەڵام ئایا ئەم سیناریۆیە ئەگەری سەرکەوتن یاخود لە بنەڕەتدا ئەگەری جێبەجێبوونی هەیە؟ بێگومان وەڵامەکەی نەخێرە. ڕەنگە تا دەورەیەکی دیکەش مەسەلەی یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و پێکهێنانی حکومەت لەناو گێژاوی ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێراندا بچێتەپێشەوە! هەردوو بەرەی ناکۆک هێشتا ئەداتی زۆریان بەدەستەوەیە تا ڕێگانەدەن لایەنی بەرامبەر لە مەشهەدی سیاسیی عێراقدا بێکاریگەری بکات! ئەمریکاو ئێران هەردوکیان لەچەند دۆسیەی دیکەدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. گۆڕەپانی عێراق بۆ هەردولایان ئەو بایەخەی هەیە کە لەدانوسانەکانی پەیوەست بەو دۆسیانەوە بەکاربهێنرێت! ئەوەی یاریەکە لە هەردوولا تێکدەدات تەنها هاتنەمەیدانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراقە بۆ کۆتاییهێنان بەم زەلکاوەی ئەمریکاو ئێران بە پشتیوانی میلیشیا قەومی و ئیسلامیەکان بۆیان دروست کردوون. دەبێ دروشمی ئەمجارەی خرۆشانی خەڵکی عێراق نەک تەنها "ئێران بۆدەرەوە"، بەڵکو "ئێران و ئەمریکاو خزمەتکارە سیاسیەکانیان لە حزبە ئیسلامی و قەومیەکان بۆدەرەوە" بێت. دەبێت هەنگاوەکانی داهاتووی خەڵک بۆ ڕامالینی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ و تاڵانچی و نۆکەرەی ئەمریکاو ئێران و دامەزراندنی دەسەڵاتداریتی جەماوەری بێت لە شوراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لە سەرتاسەری عێراقدا.


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبە: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

# ڕێکەوتنی سوید و فنلەند لەگەڵ تورکیا پێشهاتێکی مەترسیدار

عەبدوڵا مەحمود

سوید و فنلەند لەڕاستای بوون به ئەندام له ناتۆدا، ملیان به خواسته دژه ئینسانییەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دا.

سوید و فنلەند که وەکو دوو وڵاتی نموونەیی دیموکراسی بۆرژوازی له دنیادا جێگایان گرتبوو، چ هەوڵیان بۆ بوون به ئەندام له ناتۆداو چ ملدانیان بەخواستەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆیان و ناوەڕۆکی هەرە نموونەییەکەی دیموکراسی بۆرژوایان نیشانی دنیای وێڵ بەدوای ئازادی و یەکسانی و ئوردوی ئینسانی ئەم سەردەمە دایەوە.

سوید و فنلەند بەپاساوی بەهێزکردنی ئاسایش و بردنەسەری توانای بەرگریان له بەرامبەر هەڕەشەی ڕوسیا بۆ سەریان و لەپێناو"ئاشتیدا!" خواستی بوون بەئەندام له ناتۆیان هەڵبژارد، لەکاتێکدا سوید و فنلەند بۆ ئاشتی و پارێزگاری لەخۆیان و بردنەسەری توانای بەرگریان، پێویستیان به پەیوەستبوون به ناتۆ وەکو هاوپەیمانیەتیەکی سەربازی و هێرشبەرانەو ڕۆڵ ناشیرین و قێزەون نەبوو، بەڵکو ئەوە ناتۆ و خواستی ئەمریکا بوو که سوید و فنلەند پەلکێشی ناو بازنەی جەنگخوازی خۆیان بکەن.

ئەمریکای شکست خواردوو له هەموو گۆشە و مەیدانەکانی جەنگ و ملهوری نواندندا، له عێراقەوە بۆ سوریا و ئەفغانستان و سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەدوای ڕاستکردنەوەی باری لار و قەرەبووی شکستەکانیەوە بوو، بۆیە جەنگ له ئۆکرانیای وەکو خێرو بەرەکەتێکی ئیلاهی و دیارییەکی ڕوسی وەرگرت، تالانی کەم بتوانێت باڵادەستی خۆی بەسەر ئەوروپادا زاڵ بکات. ناتۆش وەکو ئامرازێکی قورمیشکراو و ماشێنیکی جەنگی دەستی ئەمریکا، که نیوه ڕوح و مرداربووەوە بوو، پێویستی بەوە بوو ئەزمەی ئۆکرانیا بکاته بەردەبازی دووبارە بەخشینەوەی ڕوح بەخۆی و گێڕانەوەی ڕۆڵی بۆ ناو گۆڕەپانی سەربازی بەتایبەتیش له ئەوروپادا.

چ ڕۆڵی ئەمریکا له ئەزمەی ئۆکرانیا و چ ڕۆڵی ناتۆ لەو ئەزمەیەدا... هێندەی به ئامانجگرتنی ئەوروپایە تا مل بەخواستەکانیان بدات، نیو ئەوەندە ئەزمە و جەنگ له ئۆکرانیا، ئامانجی سەرەکیان نەبوو. بوونی ئەوروپایەکی بەهێزی ئابوری، پێکهێنانی هێزی سەربازی یەکێتی ئەوروپا... بەکردەوەو هەمیشە بەوێنەی دوو مەترسی بەسەر ئەمریکاوە، دەبینران. هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، زەمینەکانی ئەو خواست و ویستەی ئەمریکای له جەرگەی پێشڕەوی ڕوسیا له زەمینەی توانای سەربازی و دەستێوەردانی سیاسی له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر کەلاوەکانی شکستی ئەمریکا و پێشڕەوی خێرای چین له زەمینەی جەنگی ئابوری و بازرگانیدا، فەراهەم کرد.

خۆپڕچەککردنی وڵاتانی ئەوروپا، خواست لەسەر چەکی ئەتۆم، زەمینه سازکردن بۆ میلیتاریزەکردنی ئەوروپا...

لەپاڵ فوکردنەوە به نەزعەی ڕاسیستی ئاشکرا، جەنگی ئایدۆلۆژی لەبەرامبەر هەر ئازادیخوازی و هاوکاری و تەبایی ئینسانیخوازیدا، شکاندنەوەی ئاکامه زیانبارە ئابورییەکانی بەسەر ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشدا، بەپانتایی هەسارەی زەویدا، چوونه بنباڵی کۆمپانیا چاوچنۆکه زەبەلاحەکان بۆ پاراستنیان له زیان بەرکەوتن...تاد، له دەرهاویشته خێراکانی جەنگ له ئۆکرانیا بوون.

لەونێوەدا تورکیا وەکو لایەنێکی بەهێزی ناو ناتۆ، پێویستی به نمایشی توانایی و ڕۆڵی خۆی هەبوو، بەتایبەتیش که تورکیا لەلایەکەوە لەگەڵ دارمانی ئابوری و هاوکردنی بەردەوامی بەهای لیرەو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەزمەی حکومەتی و لێکترازانی ریزەکانی خانەوادەی بۆرژوازی ناوخۆی و پەرەسەندنی گرفته سیاسیەکانیدا، چ له ئاستی ناوخۆی و چ له ئاستی ناوچەکەدا، بەرەو ڕوو بوو.

گەمەیەکی سیاسی چەند لایەنه و دەڵاڵی و سواڵی سیاسی و دارایی، له ئەزمەی ئۆکرانیادا تورکیای هێنایەوە ناو گەمه سیاسیه گەورەترەکە. لەو نێوەدا لەلایەکەوە سازان لەگەڵ ڕوسیا وەکو بەرەو قوتبێکی جەنگی و لەلایەکی ترەوە بەدەستەوە گرتنی ئەندامەتی سوید و فنلەند له ناتۆدا، بوونه ئەو کەیسانەی تورکیا بەدەستیەوە گرتن. دیارە تورکیا ئەو دۆسیانەی گرێدایەوە به پەروەندەی ئاسایشی تورکیاو هەڕەشەی تیرۆریستیەوە. لەونێوەدا پرسی بوونی هەڵسوڕاوان و چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی نزیک له پەکەکەو یەپەگەی بەستەوە بەپرسی ڕازیبوون یان ڕەتکردنەوەی ئەندامەتی سوید و فنلەند له ناتۆدا.

گوشارەکانی تورکیا و پێداویستی ناتۆ به سوید و فنلەند بەدنەدانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا، سەرئەنجام سوید و فنلەندی ڕازیکرد مل بەزوربەی خواستەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بدەن و ناتۆشی هێندە نەرم کرد، که بەزەییان به حاڵی تورکیادا بێتەوە که چۆن بەدەست هەڕەشەی "تیرۆریستیەوە!" دەناڵێنێت.

قبوڵکردنی مەرجەکانی تورکیا لەلایەن سوید و فنلەندەوە لەسەر حسابی سنوردارکردنی چالاکوان و هەڵسوڕاوانی سیاسی پەکەکەو یەپەگە،

پێشهاتێکی یەکجار تازەی ئالۆگۆرێکی نوێیە لە مامەڵەی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی وڵاتەکان و تەنانەت لەگەڵ رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان لەپەیوەند بە مافی هەڵسورانی سیاسی ئۆپۆزیسۆندا.

ئەمریکا و ناتۆ و سوید و فنلەند، کە بەبارتەقای کێویک، بەڵگەنامەی پشتیوانی و تەنانەت هاوکاری تورکیایان لە تیرۆریزمی داعش، لە بەردەستە، هەروەها هەموو رۆژێک ملهوری تورکیای ئەندامی عەزیزی ناتۆیان، بۆسەر خەڵکی کوردستانی تورکیا، بۆسەر هەرێمی کوردستانی عێراق و سوریا و لیبیا...تاد دەبینن، و تەنانەت بەڵگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەبەردەستە، کەچی بێشەرمانە باسی ئاسایشی تورکیا مافدان بە دەوڵەتی تورکیا دەکەن کە بەرگری لەخۆی بکات لە بەرامبەر تیرۆریزمی دەرەکیدا... ئەم مامەڵە چاوەروانکراوە لەوڵاتانی بۆرژوازی بەنموونەکانی بالای دیموکراسی بۆرژوازییەوە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە کە بۆرژوازی لەهەر بەرگێکدا دابێت، خاوەنی هەمان ناوەرۆکی چاوچنۆکی سەرمایەو بەرژەوەندیەکانیەتی و ئەوەی کە دەوڵەت یان وڵاتێک، کەمێک مامەڵەی یان روخساری نەرمترە، پەیوەندی بە هاوسەنگی هێزی جەماوەری و کوشارەکانی و پێشرەوییەکانی خەباتییەوە لەبەرامبەر بەو دەوڵەت و وڵاتەدا هەیە. سوید و فنلەند دوو نموونەی بەرجەستەی ئەو راستیەن.

وەستانەوە بەرووی ملدانی سوید و فنلەند بەخواستەکانی دەوڵەتی فاشیستی توکیاو پشتیوانی سەخاوەتمەندانەی لە تیرۆریزمی ئاشکرا، لە بەرامبەر بە چالاکوان و هەڵسوراوان و هەڵسورانی سیاسی ئۆپۆزیسۆنی دەوڵەتی تورکیا، ئەرکی هەر حزب و رێکخراوەیەکی سیاسی و جەماوەی و کۆرو کۆمەڵی مەدەنی و ئینسانیخوازییە...

ئەگەر رێگە بەوە بدرێت هەر دەوڵەت و وڵاتێک لەچوارچێوەی مامەڵەو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا، ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان و چالاکوانەکانیان سنووردار بکات و رادەستی دەوڵەکانیان بکاتەوە، دنیا دەبێتە شاهیدی کوشتارێکی ئاشکرای چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی و جەماوەری...

سوید و فنلەند بە ملدانیان بەخواستی دەوڵەتی تورکیا، لەوەش زیاتر بە بەکردەوە دەرهێنانی ئەو خواستانە، نەک ناچنە بەرەی دژایەتی لە تیرۆریزم، بەڵکو بەکردەوە تیرۆریزمی ئاشکراو ملهوری دەوڵەتی تورکیا ئاو دەدەن و دەستی رژێمی تورکیا بۆ پەرەدان بە تیرۆزمەکەی لە ئاستێکی فراوانتردا ئاوەڵادەکەن تا رادەی ئەوەی ناوەندی وڵاتانی ئەوروپا ببنە مەیدانی تیرۆری نەیارانی سیاسی دەوڵەتی تورکیا...

٧/٧/٢٠٢٢

# تاوانی ١٤ تەمووز!

## مستەفا باهیر

بیستو دوو ساڵ بەر لە ئێستا و لە رۆژی ١٤ی تەمموزی ٢٠٠٠دا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە سەرپەرشتی راستەوخۆی "نەوشیروان مستەفا" لە ناوجەرگەی شاری سلیمانیدا، بە بەرچاوی دانیشتوانی ئەوشارەوە تاوانێکی دژە ئینسانی گەورەیان ئەنجامداو پێنج کادری جەسوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان تیرۆرکرد، کە هەریەک لە (محمد مستەفا ناسراو بە "کریم"، ئومید نیکبین، ئیبراهیم محمد ناسراو بە " هاوکار"، هاوری لەتیف، عەبدولباست محسن ناسراو بە " شێخ عبدول") بوون. تەنها لەبەرئەوەی وەک ئەوان بیریان نەدەکردەوە و بە یەکێتی و پارتیان دەوت؛ ئێوە ناتانەوێت و ناتوانن ژیانێکی ئاسودە بۆ خەڵکی هەژاری کوردستان دابین بکەن. پێیان دەوتن ئێوە تەنها لەبەرژەوەندی چینی سەرمایەدار کاردەکەن. بازرگانی بەکێشەی کوردەوە دەکەن و ناتانەوێت کێشەی کورد بەیەکجاری چارەسەر بکەن، چونکە بەرژەوەندیتان وا دەخوازێت. پێیان دەوتن ئێوە وابەستەن بە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوەو لەبەرژەوەندی ئەوان کاردەکەن و خەڵکی هەژاری کوردستان دەخەنە خزمەتی ئەو دەوڵەتە کۆنەپەرستانەوە. پێیان دەوتن ئێوە ژنکوژ و ئازادیخوازکوژن... هتد.

کوشتنی ئەم پێنج لاوە کۆمۆنیستە یەکەم و دوا تاوانی ئەم حزبانە نیوە نابێت، بەڵکو ئەمانە لە ساڵی ١٩٦٣وە کە دابەشبوون بەسەر دوو بەرەداو لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە مەلایی و جەلالی ناسراون، لەوکاتەوە بەهەزاران تاوانیان دەرهەق بەخەڵکی هەژاری کوردستان ئەنجام داوە. جێگایەک نادۆزیتەوە لە گوند و شارو شاخ و دۆڵی ئەم کوردستانە ئەمانە تاوانیان تیا ئەنجام نەدابێت و خەڵکی هەژاری کوردستانیان تیا گولەباران نەکردبێت. هەمیشە بوونەتە نۆکەری دەوڵەتانی ناوچەکەو بەفیتی ئەوان چەندەها ساڵە شەڕی یەکتردەکەن و لاوی هەژاری ئەم کوردستانە بەکوشت دەدەن. بە سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەو نا مرۆڤانەی خۆیان بیانوویان دەداتە دەستی درندەیەکی وەک سەدام حسین تا

کارەساتی ئەنفال و کیمابارانی هەڵەبجە ئەنجامبدات. هەر کارەساتێک کەبەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتبێت، ئەگەر ئێوە خۆتان ڕاستەوخۆ ئەنجامتان نەدابێت بێگومان ئێوە دەستتان تیایدا هەبووە یەکێک بوون لە هۆکارەکان.

ئەوە ٣١سی و یەک ساڵە دەسەڵاتدارن لەکوردستان و سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی تالان دەکەن بۆ خۆتان و دەستو پێوەندەکانتان. هەرکەسێکیش نارەزایەتی دەرببرێت بەوپەڕی درندەیەوە سەرکوتی دەکەن. بێجگە لەوەی ڕاپێچی زیندانیان دەکەن، زۆریشیان بەشێوەی جیاواز تیرۆردەکەن. کەم نین ئەوانەی بەدەستی چەکدارەکانی یەکێتی و پارتی تیرۆرکراون. بێجگە لەمانەش ئێوە بەعس ئاسا ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکەن.

کاتێک خەڵکی کوردستان بەعسیان لە کوردستان وەدەرناو شوراکانی خۆیان دروستکرد، ئەمریکاو دەولەتانی کۆنەپەرست و فاشیستی ناوچەکە یەکێتی و پارتی یان لەودیو سنورەکانەوە هێنایەوە بۆ کوردستان و لەسەر کورسی دەسەڵات دایان نان. ئەوانیش لەسەر فەرمانی ئاغاکانیان یەکەمین کارێک کە پێی هەستان داخستنی بارەگای شوراکان بوو. کۆسپیان دەخستە بەردەم کارو چالاکی کۆمۆنیستەکان، بەتایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری. چونکە کۆمۆنیستەکان تاکە هێزبوون کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیان رەت دەکردەوەو پێیان دەووتن؛ ئێوە ناتوانن دەوڵەت بەرێوەبەرن. ئێوە کارەسات بەسەر خەڵکی هەژاری کوردستاندا دێنن. پێویستە دەسەڵات دەسەڵاتی جەماوەری بێت و خەڵکی بەشێوەیەکی ئازاد بتوانن دەسەڵاتدارانی خۆیان هەڵبژێرن.

کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق و ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەپەرەسەندندا بوو. ئێران ئەم هێزەی بە دوژمنی سەرەکی خۆی دادەناو دەیویست هەرچی زوو ئەو هێزە لەناوبەرێت. سەرەرای ئەوەی کە یەکێتی و خودی "نەوشیروان مستەفا" دژی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بوون، ئێرانیش زیاتر فشاری دەهێنا بۆ لەناوبردنی ئەم بزوتنەوەیە. ئەوەبوو یەکێتی و نەوشیروان لەسەر ڕاسپاردەی ئێران و لە پیلانێکی نەخشەمەندانەدا لە ڕۆژی ١٤ تەمموزدا پێنج کادری ئەو حزبەی تیرۆرکرد، بارەگاو رادیۆی حزب و بنکەی رێکخراوە جەماوەریەکانی وەکو ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری پارێزگاری لەژنان و بنکەی رێکخراوی مامۆستایان و سەنتەری بەرگری لە منالانی کوردستان و.. نزیک لە حزبی داگیرکردو تالانی کردن. سەرەرای ئەوەش ئەو ژن و منالانەی کە لەو سەنتەرانەدا پەنادرابوون، بێسەرپەرشتیار مانەوەو ژیانیان روبەرووی مەترسی کرایەوەو دواتریش یەکێک لەو ژنانە لەلایەن کەسوکاریەوە کوژرا.

بەعس هەرکەسێکی سیاسی بکوشتایە لاشەکەی نەدەدایەوە بە کەسوکاری، بەڵکو خۆی دەیکردن بەژێڕ گڵەوە. هەڕەشەشیان لە کەسوکاری کوژاوەکە دەکرد کە نابێت پرسەی بۆ دابنێن و هەندێجار پارەی فیشەکەکانیشی لە کەسوکاری کوژراوەکە وەردەگرتەوە. یەکێتیش، بەعس ئاسا رەفتاریان کرد لەگەڵ تەرمی کۆمۆنیستەکاندا و کەسوکاریاندا. هیچ لاشەیەکیان رادەستی خانەوادەکانیان نەکرد، بەڵکو خۆیان لە رێگای شارەوانیەوە کردنیان بەژێرگڵەوە . بەهەمان یاسای بەعس یەکێتی مولازم موحسینەکانی خۆی ناردەسەر کەسوکاری کوژراوەکان و پیان وتن نابێت پرسەیان بۆ دابنێن. بەلام مولازم محسینەکانی "نەوشیروان مستەفا" داوای پارەی فیشەکەکانیان لە کەسوکاری گیانبەختکردوان نەکرد، چونکە پێشتر ئەو پارەیەیان لەئێران وەرگرتبوو!

لە کۆتایدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە راستە ئێران و یەکێتی توانیان پاشەکشە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و کۆمۆنیزمی کرێکاری بەگشتی بکەن، بەڵام تاوەکو دەوڵەمەندو هەژار مابێت، تاوەکو چەوسێنەرو چەوساوە هەبێت، تاوەکو کرێکارو سەرمایەدار هەبێت، بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی هەردەمینێت و پێشدەکەوێت و سەردەکەوێت. کەیسی هاورێیانی ١٤ی تەممووزیش لای ئێمەو هەموو ئازادیخوازان بە کراوەیی دەمێنێتەوە. رۆژێک دەبێت کە تیرۆریستان لە دادگایەکی جەماوەریدا بە سزای خۆیان بگەن.

بەرزو بەرێزبێت یادی هاورێیان، یادیان بۆ هەمیشە بە زیندوی دەمێنێتەوە.

نەفرەت لە تیرۆرو تیرۆریستان

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری ناڕازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنێ کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

# جیهانی ئەوان و خەونەکانی ئێمە!
# به بەهانەی قسەکانی بارزانی کوڕ

**ئیبراهیم حسین**

مەسرور بارزانی لە دیداریدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاراندا گلەیی لە خەڵکی کوردستان کرد کە بێخود نارەحەت و بێزارن لە هەلومەرجی ژیانیان، چونکە کوردستان پڕی ئۆتۆمبێلەو ئەگەر خەڵک هەژارن ئەو هەموو ئوتومبێلە چیە لە کوردستاندا هەیە!؟

هەرچەندە ئەو قسانەی بارزانی دەمێکیان بەسەردا تێپەڕیوە و یەکەمجار و دوا جاریش نابێ کە لەو جۆرە قسەوەدەربڕینانە ببیستین، بەلام بەپێویستم زانی بگەڕێمەوە سەری، چونکە ئەم دەربڕین و ڕاگەیاندنانە ڕەگیان لە دەعوایەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی قوڵدایە کە هەر ئەمڕۆ لە نێوان کەمپی بارزانی و بۆرژوازی و کەمپی کرێکاران و بێبەشاندا، لەسەر مانای ژیان، جۆری کۆمەڵگە و لەسەر ئازادی و نان و ئاو، لەسەر تەندروستی و ماف و ئیختیاراتی مرۆڤ لە ژیاندا لە ئارادایە.

لەو دەعوا و کێشمەکێشەدا بارزانی کوڕ بەو دەربڕین و ڕاگەیاندنە خەریکە پێمان دەڵێ تێگەیشتن و چاوەڕوانی ئەو حاکمیەتە چینایەتیە لە ژیانی خەڵک و هاولاتیان چیە. پێمان دەڵێ کە تێگەیشتنی لە ماف و بەشی مرۆڤی کوردستانی ئەمڕۆ لە ژیاندا چیە. پێمان دەڵێ ئەگەر مرۆڤ لە کوردستانی ئەمڕۆدا سەیارە و بەفرگر و تەلەفیزیۆن و مۆبایلی زیرەک و فێنککەرەوەیان هەیە و ناچار نین کە گوێدرێژ و هێستر و عەرەبانە و داشقە بۆ هاتوچۆ و کوندە و جەوەندە بکار بهێنن، دەبێ سوپاسگوزار و ڕازی بن و ئەوەندە دەنگیان دەرنەیەت و بەو قەدەرە ڕازی بن کە بۆرژوازی کوردو دەسەلاتەکەی بەوانی بەخشیوە! ئیتر قەیدی چیە با خانەنشینان لەسەرەی وەرگرتنی چەند سەد دینارێکدا کە ناوی مووچەی خانەنیشتنی لێنراوە، بمرن! قەیدی چیە با لیشاوی گەنج و نەوەی ئەمڕۆی کوردستان بێئایندە و بێئومێد بکرێن لە هەر جۆرە ژیانێکی گەنجانەو هەلسورانێکی داهێنەرانە. مادام کە بازاڕی نەوت و سامانی ئەوان دەچەرخێ و کاری هەرزانی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان مەلۆ مەلۆ سامانی ئەوان گەورەتر دەکات، بەوان چی ئەگەر نیوەزیاتری کۆمەلگەیەکی پێنج میلیۆنی کرێچی بێت! بەوان چی ئەگەر کارەبا و ئاو کێشەی هەموو ڕۆژەی ئەو خەلکە بێت و تەنانەت بکرێتە بابەتی سەودای سیاسی دۆستانی چینایەتیان بۆ کرینی دڵ و وەلای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. بەوان چی با ئیسلامی سیاسی سواری سەری ئەو خەلکە بێت و هەر ژەهراوێک دەیرێژێ با بیڕێژێ. ئەگەر ئەوان ئازاد و دەستئاوالا بن لە سەپاندنی هەر کۆنەپەرەستیەک، لە بەبارمتەکرتنی ژیان و موقەدەراتی کرێکار و زەحمەتکێش، ئیتر بۆچی دەبێ خەلک گازندەی نەبوونی ئازادی و ژیانێکی ئازاد بکات؟ بۆچی دەبێ داوای یاسای کارێکی پێشڕەو و دەستورێک بکەن کە ئازادی دەربڕین و ڕێکخراو بوون و مانگرتن و دەخالەتی سیاسی هاولاتیان دابین بکات، هەر ئەوەندەی دەسەلاتی چینایەتی سەری ڕەش و قەلاچولان سەلامەت بن ، بەوان چی با قوتابخانە و خوێندنگا و زانکۆ و پەروەردە ببێ بە ویرانە. بەوان چی با ژمارەی مزگەوت و تەکیە و بنکەکانی ویرانکردنی هۆش و هزری ئینسانی لەلایەن تۆری هەزار سەرەی ئیسلامی سیاسی وەک قارچک هەلتۆقن. بەوان چی با خەستەخانە و خزمەگوزاری تەندروستی کاول بین، با کرێکار و فەرمانبەر و مامۆستا و ئەندازیار هەر مانگەو جارێک بۆ قوتی ژیانیان بۆ مافی کارێک کە دەیکەن بێنە سەرجادە و هاواربکەن.

ئەمە نوسخەی کۆمەلگەیەکە کە بارزانی و بۆرژوازی کوردایەتی و ئیسلامی دایانمەزراندوە و ڕۆژ تا ئێوارە بەقەدوبالایدا هەڵدەلێن و بە هێزی چەک و زیندان و میلیشیا لەبەرامبەر کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی چەپ و کۆمۆنیستی بەرگری لێدەکەن. لەسەری خەلک دەکوژن و دەدەنە بەرشەق و هەلسوراوانی ئەم نارەزایەتیە چینایەتیە زیندان و شکەنجە دەکەن. بەوپێیە مەسەلەکە تەنیا هەندێک داواکاری نیە، بەلکو مەسەلەکە خودی ئەو شێوەژیانە نەشیاوو مەینەتبارەیە کە ئەم بۆرژوازیە سەپاندویەتی. ئەم شێوە ژیانەیە کە ئەم چینی کرێکار و مرۆڤایەتیە چەند میلیۆنیە قبولی نیە و نایەوێ، چونکە کوردستان ئیماراتی بابان و سۆران نیە، بەلکو کۆمەلگەیەکی شاری و سەردەمیە، کە پێویستی بە هەموو پێداویستیەکانی ژیانێکی کۆمەلایەتی هاوچەرخ و سەردەم هەیە. ئۆتۆمبێل و کارەبا و ئەنتەرنێت بووە بەبەشێک لە پێداویستی ژیان بەجۆرێک کە ئەگەر ئەوانە لەکار بوەستن، پرۆسەی کار و بەرهەمهێنان لەکاردەوەستی. کۆمەلگەیەکی پێنج شەش میلیۆنی کە بە توندی بە دنیاوە بەستراوەتەوە و هەرئێستا بەشێکی هاولاتیانی ئەم کۆمەلگەیە خاوەنی چەند ڕەگەزنامەن و زیاتر لە پاسەپۆرتێکیان هەیە. ئیتر چاوەڕوانی ئەم خەلکە کرێکار و زەحمەتکێشە لە ژیانی خۆیان و لە ماف و ئازادییان چاوەڕوانی هاولاتیەکی

دنیای ئەمڕۆیە و هیچ هۆکارێک نیە کە هاوڵاتی ئەم کۆمەڵگەیە ژیانێکی نزمتر و کەمتر لە هاوڵاتی ئیتالی و فەڕەنسی و سویدی قبوڵ بکات. نەک هەر ئەوە، بەڵکو چاوەڕوانی ژیانێکی یەکسان و شکۆمەندو ئازاد نەکات کە هەر ئێستا خەڵکی ئەو وڵاتانە بەڕێگای جۆرواجۆر بۆی تێدەکۆشن!؟

بەوپێیە مەسەلەکە هەر بەتەنیا ئەوەش نیە کە هاوڵاتی ئەمڕۆی کوردستان ئۆتۆمبێل و ئەنتەرنێتیان هەیە و لە گۆگل بە دوای زانیاردا دەگەڕێن و یان ئەوەی کە دەیانەوێ خۆشبەختتر بن و بەشی خۆیان لە ژیان و لە سەروەت و ئیمکاناتی پێویست بۆ خۆشبەختی زۆر لەوەی ئێستا زیاتر دەزانن، بەڵکو مەسەلەکە دەسەڵاتی چینایەتی ئێوەیە کە ئەو نیاز و ویست و توانستەی کە بۆ ژیانێکی خۆشبەخت هەیە قفڵ کردوە و لێناگەڕێ کە ئەم مرۆڤایەتیە دەستی بە پێشڕەویەکی زیاتری ماددی و مەعنەوی ڕابگا. کێشە دەسەڵاتی چینایەتیە کە وایکردوە سەرچاوە مادییەکان و بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی لەجیاتی ئەوەی بخرێتە خزمەتی خۆشبەختی و ژیانێکی پڕ بەرهەمی ماددی و مەعنەوی بۆ هەموان، بخرێتە خزمەتی لەسەر پێڕاگرتنی ئەم حاکمیەتەچینایەتیە. لە زیندان و سەرکوت و خورافە و میدیای دووڕوو و درۆزن خەرج بکرێ. باقیەکەشی لە شێوەی میلیاردەها دۆلار سەرمایە بچێتە حیساباتی بانقی و برژێتە پڕۆژەسود خوازیەکانی ئێوەوە. بۆیە مەسەلەکە ئەوەنیە کە خەڵکی کرێکار و بێبەش و کارکردوانی کۆمەڵگە بەهەر بەهایەک بووە، بەهۆی گەشەی تەکنیک و تەکنۆلۆژیا و لەڕێگەی کار و زەحمەتی خۆیان و خەباتێکی چینایەتی بێوەستان، دەستیان بە ئاستێکی دیاریکراوی گوزەران ڕاگەیشتوە لە هەمان کۆیلایەتی چینایەتی ئێستادا، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم دنیا چینایەتیە نەبوایە و کۆمەڵگەیەکی ئازاد هەبوایە، ئەم مرۆڤایەتیە تینوی ژیانە دەیتوانی موعجیزە بخوڵقێنێ. دەیتوانی شوێنی کار و ژیانی خۆی بگۆڕێ بە فەزایەک بۆ ژیانێکی داهێنەرانە و شاد. دەیتوانی هەر بەو ئیمکاناتە تەکنیکی و زانستیەی ئەمڕۆ شەبەکە و ڕایەڵی مێترۆکان ڕێک بخا. دەیتوانی دکتۆر و دەرمان و خزمەتگوزاری تەندروستی خۆڕایی و خوێندن و پەروەردەی لایق و مۆدێرن ڕێک بخا. لە هەمووی گرنگتر دەیتوانی کار و هەڵسوڕانی مرۆڤ لە تەوقی کۆیلایەتی کاری کرێگرتە ئازاد بکا بەجۆرێک کە مرۆڤ لەپێناو مانەوەیدا ناچارنەبێ هێز و وزە و توانست و کاتی خۆی بفرۆشێ. دەیتوانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی مرۆڤی ئازاد دابمەزرێنێ کە تیایدا هەر کەس بە ئەندازەی توانای لە کاری کۆمەڵایەتیدا بەشداربێ و بە ئەندازەی نیازی لە بەروبومی کاری جەمعی هەڵبگرێ.

هۆکاری هاتنەسەرکار و مانەوەی ئەم حاکمیەتە چینایەتیە، سیاسیە. بە دەربڕینێکی تر ئەگەر سەرکوت نەبێ و لەدەوری ئەم زۆنە زەرد وسەوزە حەساری ترس و زیندان نەکێشرابێ بەجۆرێک کە مافی دەرکەوتنی سیاسی جیددی وەک تاوان نەناسرابێ، چەپی کرێکاری وکۆمۆنیست ئیمکانی هەڵسوڕانی جیددی و کۆمەڵایەتی هەبێ، کرێکار و جەماوەری ئازادیخواز توانا و ئیمکانی ئەوەیان هەبێ کە لەڕێکخراو و شورا و جولانەوەی شوراییدا ئیددیعانامەی خۆیان لە مەیدانی سیاسیدا و لە ئاستێکی فراواندا بخەنە بەردەمی کۆمەڵگە، ئەم کۆنەپەرەستیە بۆرژوایە توانای لەسەرپێ ڕاوەستان و مانەوەی نەدەبوو. بەوپێیە ڕۆیشتن و پێچانەوەی ئەم حاکمیەتەش سیاسیە و دەبێ بەشێوەی سیاسی و لە هەڵسانێکی سیاسی و ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەدا چارەنوسی یەکلابکرێتەوە و لە کۆڵ بکرێتەوە.

**۳۰ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەکردەوە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە کۆمەڵگەی کوردستان یان دەبێ ئەم بزووتنەوەیە و حزبەکانی تێپەڕێنێ یان دەبێ هەمیشە چاوەڕوانی نەهامەتی و کارەسات و بێدەرەتانی بێت. ئەمە دروستترین ئەنجامیگیرییە لە ۳۰ ساڵی ڕابردوو. ئێستاش لەهەناوی هەلومەرج و ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکاندا، ئەم دەسەڵات و حزبانە لەگەڵ دەورەیەکی تر لە ئاسۆتەنگی بەرەو ڕوون و دەیانەوێ کۆمەڵگە ڕاپێچی داهاتوویەکی تەڵخ بکەن. بۆیە داهاتوویەکی درەخشان و دەستەبەرکردنی ماف و خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئارامی، بەر لەهەموو شت بەندە بەکۆتاییهێنانی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە و بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک.**

**ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەی کە چەندین ساڵە بەخواستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی گەندەڵ و ستەمکاری ئێستاوە، پێیناوەتە مەیدانەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرە دەگرێ و نەشونما دەکات، ئەم کارەی مەیسەر کردوە. ئەم بزووتنەوەیە بۆئەوەی بە ئامانجەکانی بگات پێویستی بەوەیە لە دەوری ئاسۆ و بەدیل و ڕابەرییەکی شۆڕشگێڕانە بەرەو سەرکەوتن ئاڕاستە بگرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەوپێناوەدا عەزمی جەزم کردوە. بەڵام ئەم خەباتە تەنها بەبەشداری و ڕیزبەستنی جەماوەری کرێکاران و ئازادیخوازان و ژنان و لاوان لەدەوری ئەم بەدیلە لەپرۆسەی خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەتوانێ بەسەرکەوتن بگات. کۆنگرەی پێنجەمی حزب بەئیرادەیەکی بەهێزەوە پێداگری لەسەر بەئەنجام گەیاندنی ئەم ڕەوەندە دەکات و بانگەوازی جەماوەری تینوی ئازادی و خۆشگوزەرانی دەکات بۆ کۆبوونەوە لە دەوری ئەم ئاسۆیە.**

**بەشێک لە دەعوانامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دژی دەسەڵاتی ۳۰ ساڵەی بۆرژا-ناسیۆنالیستی کورد!**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ۲۰۲۱**

# ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی کۆنفرانسی ئەندامانی ڕێکخستنەکانی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان لە ڕێکخستنەکانی شاری سلێمانی و میوانانێک لەدۆستانی حزب و وەفدێکی مەکتەبی سیاسی، ڕۆژی شەممە بەرامبەر بە ٢/ ٧/٢٠٢٢، کۆنفرانسی ئەندامان لە شاری سلێمانی سازدرا.

سەرەتای کۆنفرانسەکە هاوڕێ جەمالی شێخ جەمیل بەوتەیەک پێشوازی لەمیوانانو ئەندامانی حزب کرد وبە تەئکید کردنەوە لەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان شەرعیەتی بەکۆنفرانسەکەدا. پاشان بە سرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ ڕێزلێنان لەژیان و تێکۆشانی هەریەک لەهاوڕێیان سالاری ئاسنگەرو شێخ سدیق و سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی وسۆشیالیزم دەرگای لەبەردەم کارەکانی کۆنفرانسدا کردەوە و لیژنەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانس پێشنیارکرد.

لیژنەی بەڕێوەبەری کۆنفرانس کە پێکهاتبوو لەهاوڕێیان، نەغەدەعوسمان، جەمال شێخ جەمیل، محەمەد عەبدوڵا، پەیڕەوی بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکان و دەستوری باسەکانیان پێشنیار کردو دوای قسەوباسکردن لەسەر بەندەکانی لەلایەن ئەندامانەوە پەسەند کرا. ئینجا ماوەدرا بە هاوڕێ خەسرەوسایە، بەنوێنەرایەتی مەکتەبی سیاسی قسەوباسێکی لەسەر دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و جێگاو ڕێگای حزب پێشکەشکرد. هاوڕێ خەسرەوسایە، لەوتەیەکەیدا جگە لەوەی باسی لە گرنگی ئەم کۆنفرانسە لە ژیانیسیاسی ئێستای حزبداکرد، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کەقەیرانی سیاسیو ئابوریو بنبەستێک کە دەسەڵاتداریتی بۆرژوازی کورد تێیدا چەقیوە و لەبەرامبەردا ناڕەزایەتیەکی جەماوەری کرێکارانو خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی بەخواستی وەلانانی دەسەڵاتەوەهێناوەتەمەیدانەوە وکۆمەڵگای کوردستانی لەبەردەم گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێرانەدا ڕاگرتوە.ئەمەش جێگایەکی تایبەتی بەحزب وکۆمۆنیزمی کرێکاری بەخشیوە، کە وەک حزبێک لەپێناو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە ونزیک خستنەوەی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش لەدەسەڵات ڕۆڵبگێڕی و هەوڵبدات پێداویستیەکانی سەرخستنی خەباتی جەماوەری دابینکردنی ڕابەریەکی شۆڕشگێرانە بۆی لەئەستۆ بگرێ. لەم ڕاستایەشدا هاوڕێ خەسرەو لەوتەکەیدا تەئکیدی کردوە کە ڕۆڵی داهاتوی کۆمیتەو ڕیکخستنەکانی حزب دەبێ وەک کۆمیتەیەکی کۆمۆنیستی ودەخاڵەتگەر لە مەسەلەکانی کۆمەڵگە و ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی ژیانو گوزەرانی کرێکارانو مەحرومانی کۆمەڵگە بۆتەوە دەربکەوێ و وەک هێزیکی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیست لەهەوڵی هوشیارکردنەوە و ڕێکخراوکردنی بەشەکانی خەڵکی نارازی کۆمەڵگەدابێت.

دواتر هاوڕێ محەمەد عەبدوڵا ڕاپۆرتی چالاکیەکانی شەش مانگی کۆمیتەی سلێمانی پێشکەشکردو دوای قسەوباسی ئەندامانو میوانان لەسەر لایەنەکانی هەڵسوڕانی حزب، خاڵەبەهێزو لاوازەکان دەستنیشان کراو لەئەنجامدا کۆنفرانس جگەلەوەی کەراپۆرتی چالاکیەکانی بە شێوەیەکی ئەرێنی هەڵسەنگاند، هاوکات کۆمەڵێک بڕیاری لە ڕاستای پەرەدان بەکاری حزب لەشاری سلێمانیدا پەسەندکرد.

ئنجا هاوڕێ جەمالی شێخ جەمیل، لەبەڵگەنامەیەکدا سەرخەتی کارەکانی کۆمیتەی داهاتووی حزبی خوێندەوەو لە قسەوباسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە ڕۆڵی داهاتووی حزب دەبێ لەسلێمانی لەگەڵ ئەوەدا تێکەڵ ببێ بە ناڕەزایەتیەجەماوەریەکان و ڕابەرنی بۆلای خەباتێکی چینایەتی و سۆشیالسیتی، لەدژی دەسەڵات ڕاکێشێت، هاوکات دەبێ لەسەر بنەمای خەباتی کۆمۆنیستی لە شوێنیکاروژیانی کرێکاران و لەزانکۆ و گەڕەک و بەڕێوەبەرایەتیەکانداو لەنێو گەنجان وژناندا، لەخەمی دامەزراندنی تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی و حزبیدا بێ و وەک بەدیلێکی شۆڕشگێڕانەو سۆشیالیستی دەرکەوێت..

کۆنفرانس بەدوای قسەوباسکردن لەسەر لایەنەکانی ئەم بەڵگەنامەیە، سەرئەنجام بە تێکرای دەنگ وەک سەرخەتی نەخشە و کاری کۆمیتەی ئایندە پەسەندی کرد. هاوکات چەند بڕیارێکی لە ڕاستای بەرینکردنەوەی مەیدانەکانی هەڵسورانی حزبدا پەسەند کرد.

دوایین بەشی کارەکانی کۆنفرانس هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی تازە بوو بۆ لەئەستۆگرتنی کارەکانی حزب. بۆ ئەمەش ١٠ کەس لەکادرانی حزب خۆیان کاندیدکرد ولەپرۆسەی دەنگداندا هەریەک لەهاورێیان جەمال شێخ جەمیل، محەمد عەبدوڵا، نەغەدە عوسمان، مەحمود حەلاق، شاباز مەحمود، کامەران لەتیف، خالید ئەیوب، بەئەندامانی کۆمیتەی سلێمانی هەڵبژێردران. کۆنفرانسی ئەندامان بەدوای چەندین کاتژمێر لەقسەوباس و ڕاگۆڕینەوەی ئامادەبووان بەسرودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی هات.

شایانی باسە کۆمیتەی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی ئەندامان لەیەکەمین کۆبونەوەی خۆیدا، هەریەک لەهاورێیان محمودی حەلاق وشاباز مەحممود وەک بەرپرسی کۆمیتە و جێگرەکەی دیاری کرد.

٤/٧/٢٠٢٢

# ڕاگەیاندنی کۆتایی پلنیۆمی ٢٥ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

ڕۆژانی ٧ و ٨ ی تەموزی ٢٠٢٢، کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکاران و هاوڕێ عادل ئەحمەد لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و میوانانێک، پلنیۆمی ٢٥ ی خۆی بەست.

پلنیۆم، سەرەتا بە ووتەیەک لەلایەن هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و بە سرودی ئەنتەرناسیونال و خولەکێک ڕاوەستانی بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ژیان و خەباتی هاوڕێیانی گیانبەختکردوی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

دواتر پەیرەوی بەڕیوەچونی پلنیۆم و دەستوری باسەکان لەلایەن ئامادەبوانەوە پەسەندکرا.

دەستوری باسەکانی پلنیۆم بریتی بوو لە:

١/ ڕاپۆرت

٢/ دۆخی سیاسی کوردستان و هەنگاوەکانمان

٣/ نارەزایەتیە جەماوەریەکان

٤/ ڕێکخستن

٥/ شێوەکاری ڕابەری

٦/ سەرختەتی ئەولەویاتەکانی کاری حزب بۆ دەورەی داهاتوو.

٧/ بریارەکان

٨/ هەڵبژاردن

لە بەندی ڕاپۆرتدا، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بەشێوەی نووسراو ڕاپۆرتی شەش مانگی ڕابردووی کار و هەڵسورانەکانی حزب و ئۆرگانەکانی، پێشکەش کرد و دواتریش لەلایەن هاوڕیانەوە قسەوباسی هەمەلایەنە لەسەر لایەنەکانی هەڵسورانی ئەم دەروەیەی حزب و ئۆرگانەکان کرا و لەئەنجمدا پلنیۆم بە تێکرای دەنگ دەورەی رابردووی هەڵسورانی حزبی بە ئیجابی هەڵسەنگاند و چەندین هەنگاوی لە راستای برەودان بە کاری داهاتوی خستە بەردەم حزب.

لە دەستوری دووەمدا کە تایبەت بوو بە دۆخی سیاسی کوردستان هاوڕێیان عەبدوڵا مەحمود و عوسمانی حاجی مارف لە باسێکی هاوبەشدا، دۆخی کوردستانیان لەبەر ڕۆشنایی کاریگەریەکانی ئەوزاعی جیهانی و گۆرانکاریەکان لە عێراق و ناوچەکە و قوڵبونەوەی قەیرانێکی هەمەلایەنە کە یەخەی بەباڵو ڕەوتە بۆرژوازیەکانی گرتوە، خستە بەر باسەوە. هاوڕێیان لەسەر ئەوە ڕاوەستان کە قوڵبوونەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوریەکان لەلایەک چینی بۆرژوازی و ڕەوتەکانی لەگەڵ بێتوانایی لە پێکهێنانی حکومەت و بەڕێوەبەردنی کۆمەڵگادا، بەرەورووکردۆتەوە و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێک نەهامەتی زیاتری بەسەر ژیان و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا داسەپاندووە. دۆخێکی ئاواش پێویستیی دەورکەوتنی هەرچی زیاتری حزبی وەک حزبێکی ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕ و دەخاڵەتگەر کە بتوانێت پێداویستیەکانی سەرکەوتنی خەباتی کرێکاران و جەماوەری نارازای ئامادەبکات، بەرجەستەترکردۆتەوە.. لە کۆتایی قسەوباسەکانیشدا هاوڕێیان چەند هەنگاوێکی سیاسی و عەمەلییان پێشنیار کرد تا حزب لە هەڵسورانی داهاتودا لەبەرچاویان بگرێت. وەک ئەنجامیکیش لەم باسە، پلنیۆم مەکتەبی سیاسی ڕاسپارد، کە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە پێشنیارکراوەکەی هەردوو هاوڕێ و سەرنج و قسەوباسەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەڵگەنامەیەک ئامادە بکات.

سێهەمین دەستوری باسەکانی پلنیۆم کە بریتی بوو لە باسی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و چۆنیەتی ڕێکخستنی و بەسەرکەوتن گەیاندنی، هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد لە باسێکدا، ناوەڕۆکی چینایەتی ئەم نارەزایەتیانە و توانا و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خستە بەرباسەوە. لە ئەنجامدا تەکیدی لە سەراسەریکردنەوەی نارەزایەتی بەشەکانی جەماوەر و ڕێکخراوکردنی لە یەک بزووتنەوەی سیاسی، سەربەخۆی چینایەتی و شۆڕشگێرانەدا کرد و سەرنجی حزبی بۆ لای ئاسۆدارکردنی ئەم بزووتنەوەیە و دابینکردنی ڕابەریەکی سیاسی و شۆڕشگێرانە ڕاکێشا.. دوای دانی سەرنج و قسە و باسێکی هەمەلایەنەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، پلنیۆم جگەلەوەی بەڵگەنامەیەکی ئەم باسەی پەسەندکرد، هاوکات مەکتەبی سیاسی راسپارد، کە هەنگاوی پێویست، بە هاوکاری لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، بخاتە دەستوری سەرەکی کارەکانی داهاتویەوە.

دەستوری چوارەمی کۆبونەوەکە تایبەت بوو بە ڕێکخستن، هاوڕێ ئاڵان مارف لە باسێکدا، بە ڕەخنەگرتن لە نەریت و شێوە ناکۆمەڵایەتیەکان ڕاوەستا و تەئکیدی لەسەر شێوەکار ونەریتەکانی ڕێکخستنی حزبی و کۆمۆنستی و پێکهێنانی کۆمیتە کۆمۆنسیتیەکان، وەک پایەی ڕێکخراوەیی مەحەلی و کاری حزب لە شوێنی کار و ژیاندا کردەوە. لە ئەنجامدا، سەرنجی پلنیۆمی بۆ بەدەستەوەگرتنی چەند ئاراستەیەک لە کاری ڕێکخستنی کۆمۆنیستی ڕاکێشا.

بە دوای قسەوباس و خستنەرووی سەرنجی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا، پلنیۆم بریاری دا کە مەکتەبی سیاسی لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسە کۆمیسیۆنی ڕێکخستن دامەزرێنێ و پلاتفۆرمێک ئامادە بکات.

دەستوری پێنجەمی

کۆبونەوەکە بریتی بوو لە شێوازی کاری رابەری.

لەم پێوەندەدا هاوڕێ عەبدوڵا مەحمود باسێکی پیشکەش کرد و دوای بەشداری هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لە قسەوباسەکاندا، پلنیۆم مەکتەبی سیاسی راسپارد لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامەیەکی پێشنیارکراو بۆ ئەم دەستورە و سەرنجەکانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بەڵگەنامەیەک دەربارەی شێوەکاری ڕابەری وەکو تەواوکاری بەڵگەنامەی مەنسور حکمەت و گرفتەکانی ئێستا لە شێوەکاری رابەری حزب ئامادە و پەسەند بکات.

لە دەستوری سەرخەتی ئەولەویاتەکانی کاری حزب بۆ دەورەی داهاتوشدا هەریەک لە هاوڕێیان فواد سادق و خەسرەوسایە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەیەکی ئامادەکراو بۆ بەردەم پلنیۆم قسەوباسێکی هاوبەشیان پێشکەشکرد و لەوێدا سەرەکیترینی ئەو کارانەیان خستەروو کە حزب لە ڕاستای بەکردەوە دەرهێنانی سیاسەت و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی پێنجەمی حزب بۆ دەورەی داهاتوو دەکەوێتە سەر شانی. پلنیۆم بە دوای قسەوباسی هاوڕێیاندا بەڵگەنامەکەی بە هەندێک دەستکاری بجوکەوە پەسەندکرد.

لە تەوەرەی بڕیارەکاندا، پلنیۆم سێ بریاری کۆمیسیۆنی مالی و کۆمیسیۆنی کاروباری کرێکاران و بریاری ناساندنی حزبی پەسەند کرد... هاوکات پلنیۆم مەکتەبی سیاسی ڕاسپارد بۆ پەسەندکردنی چەند بریارێکی تر کە بە بۆنەی کەمی کاتەوە نەتوانرا لە پلنیۆمدا قسەوباسیان لەسەر بکرێت.

کۆتا بڕگەی دەستوری پلنیۆم هەڵبژاردن بوو. سەرەتاش پلنیۆم بە تێکرای دەنگ هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفی وەکو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و پاشان هاوڕێیان هەریەک لە هاوڕێیان:"خەسرەو سایە، ئالان مارف، عەبدوڵا مەحمود، دەشتی جەمال، ڕێبوار ئەحمەد، مەهدی رەسوڵ، جەمال موحسین، فوئاد سادق، ئازاد مەجید" ی وەکو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد.

پلنیۆم دوای دوو رۆژ لە کاری چرو پر، بە وتاری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و بە سرودی ئەنتەرناسیونال کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

راستەوخۆش بەدوای تەواوبوونی کارەکانی پلنیۆمدا، مەکتەبی سیاسی لە یەکەمین کۆبونەوەی خۆیدا، بەتێکڕای دەنگ هاوڕێ خەسرەو سایەی وەکو سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد.

٩/٧/٢٠٢٢

## بەشێک لە بەڵگەنامەی
## " کۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراکانی خەڵک، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئیستایە!"
## پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزب
## کانونی یەکەمی ٢٠٢١

**ڕەوتە بۆرژوازییە نارازی و ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەوڵی ئەوەدان خواستی جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕ، لە ناو ئاسۆی تەنگی ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیدا قەتیس بکەن. بۆ ئەم چەواشەکارییە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە ڕوو بکەنە سندوقەکانی هەڵبژاردن. بەڵام خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ئەزمونیان هەیە. ئەو ئەزمونە نیشانیداوە کە نەسەرخستنی هیچ حزبێک بۆسەر کورسی پەرلەمان و دەسەڵات و نە گۆڕینی دەموچاوەکانیش هیچ لە ڕەوشی ژیان و بێدەرەتانی خەڵک ناگۆڕێت، ئەمە ڕێگایەک نییە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەیە کە دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا لە ڕیشەوە هەڵپێچێ و سیستەمێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دامەزرێنێ. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ئەگەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕون بۆ هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و بەرپاکردنی بەدیلێکی شۆڕشگێرانە تەوەرە ببەستێ، هەوێنی ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیەیە.**

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن.**

**سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەژێری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**